کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-8-2007 15:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**فیلەتەنەکەی کاک ئەرسەلان کۆچی دوایی کرد بەلاّم یەکیتی هەزاران فیلەتەن و پاڵەوانی تری هەیە و کەسیش لە شەڕداشەکری نەخواردوە ... باوکی شازاد**

لە ماڵپەری کوردستان نێتی خۆشەویست ڕۆژی 22 ئاب بابەتێک بڵاو کرابووەوە لە ژێر ناوی فیلەتەنەکەی کاک ئەرسەلان بایز کۆچی دوایی کرد لە لایەن بەرێزێک بە ناوی هەڵگورد بەگوێرەی نوسینەکانی ئەو کەسە دیارە خۆی بە کۆنە ئەندامێکی یەکێتی یان پێشمەرگەیەکی دێرین دادەنێت یاخود کەسێکی نزیک لێیانەوە، من وەکو کەسێکی بێلایەن دەمەوێت هەندێک باسی بابەتەکەی ئەو برادەرە بکەم وادیارە حەز دەکات یەکێک وەلاّمی بداتەوە بەلاّم نازانم داواو وەلاّم لە یەکێتی دەکات یان لە نوسەرو چاودێرانی ناو ڕۆژنامەو ماڵپەرە کورردیەکان بە هەرحاڵ من وەکو کەسێکی بێلایەن وەلاّمی دەدەمەوە خوالێ خۆش بوو کاک جەبارفەرمان ماڵ ئاوایی لە دونیا کرد بە هەموو لایەنەکانیەوە وابزانم کەسێکیش کە مرد خەڵکی ئینتهازی ناچێت پرسەو سەرەخۆشی بۆ دابنێت هەرکەسێک بەشداری دەکات بەو پەری قەناعەتی خۆیەتی لە بەر ئەوەی چاوەڕوانی هیچ لە مردویەک ناکرێت، مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت پاشایەکی زاڵم ئەسپەکەی دەمرێت هەموو دونیای لێ کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی دڵی بدەنەوە بەلاّم کە خۆی مرد کەس نەبوو بچێت بۆ سەر قەبران بۆ ناشتنی تەرمەکەی، مانای وایە کەسێکی وەک کاک جەبار لە ڕوانگەی تۆ پیاوێکی باش نەبووە، لەوانەیە شتێکی شەخسی تایبەتت لە گەڵی هەبووبێت وەیان زەرەرێکت لێی کردووە یان جەنابت سەر بە لایەنێک بیت کە ڕقی لەم کەسە بووبێتەوە، مانای ئەوە نیە کە بەڕای هەموو کەسێک خراب بووبێت وە هیچ کەسێکیش نیە لە مێژوی دونیادا هەموو خەڵک لێی ڕازی بێت تەنها ئەو کەسانەی کە لە شوێنی خۆیان ناجولێنەوە ئەوانەش کە کارێک ئەنجام نەدەن واتە بە مردوو دەژمێردرێن، لە مێژوی هیچ جولانەوەیەکی شۆڕشگێرانەش کەس نابێت بە سەر کردەیەکی سەرکەوتوو بە نەرمی نواندن و دابەش کردنی شیرنەمەنی لە ناو شەڕدا، شەڕ ناوەکەی بە خۆیەوەیە واتە ناخۆشترین و زەحمەت ترین بڕیار ئەویش کوژرانی ئادەمیزادە لە هەردوو لادا نەخوازەڵلّە شەڕی براکوژی کە تانها لەسەر قەبوڵ نەکردنی بیرو باوەڕی یەکتر وە یان باڵا دەستی لایەنێک لە ناوچەیەکی دیاری کراو بۆ وێنە شارێکی گەورە یان چیایەکی بەرز یان لە سەر داهات واتە پارەو پول بە هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان کوژران، ئەو نەخۆشیەش لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا ڕەگی داکوتاوەو وا بە ئاسانی بنبڕ ناکرێت، لە ڕاستیدا هەر تاکێک لە ئێمە دەوری هەبووەو لە دورو نزیک ئاگرەکەمان خۆش کردوە جا بە دەست بێت یان بە زمان، واتە نابێ ئێمە تەنها سەرکردەکان وەیان یەکێک لە سەرکردەکان تاوەنبار بکەین و کۆنەکا بەبابکەینەوەو کۆنە برینەکان هەڵبوەشێنینەوە، ئەوەی چوو تازە ناگەڕێتەوە لە وانەیە گەر بە زیانی گیانی بێت من زۆر لە جەنابت زیاتر زەرەرمەند بوومە و دەبێ قەبوڵیشی بکەم لە بەر ئەوەی گەر من و کەس و کاری من و تۆو وهەر یەکێکی تر خۆمان نەمانەوێت بەشداری بکەین کەس نەهاتووە هێزی بەکار هێنابێت بۆ ئەوەی خەڵک ببرێت بۆ بەرەکانی جەنگ. ئەوەی تۆ باسی لێوە دەکەی تەنها لە زەمانی سەددامی گۆڕبەگۆڕ خەڵکیان بە هۆی ڕاکێشانی خزمەتی سەربازی دەبرد بۆ بەرەکانی جەنگ بە هەزاران کەسی بێتاوانیان ئە دا بە کوشت، باشە بۆ ئێسا تەنها جەبار فەرمان یان کاک کۆسرەت تاوانبار بکەین ئەوانی تریش بێ تاوان، خۆ کەسانی وەکو کاک جەبار و کاک کۆسرەت تەنها پێشمەرگەیەک بوونەو گوێ ڕایەڵی فەرمانی سەرەوەی خۆیان بوونە، دەمەوێ شتێکی تریشت بخەمەوە یاد ئایە ئەوانە تەنها شەڕی ناوخۆیان کردوە یان شەڕی دوژمنیشیان کردووە؟ باشە بۆ باسی ئازایەتی ئەو هەموو داستانانە ناکەیت کە هێزی پێشمەرگە ئەنجامی دەدا چۆکیان بە دوژمن دادابوو، بۆ باسی لێدانی ئالاّی شۆڕش دەکەی کە ئێستا خاوەنی ئەو بیرو باوەڕەیە یەکێکە لە کەسە کاریگەرەکانی ناو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15:23 25-8-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سەرکردایەتی یەکێتی وە نزیك ترین کەسی هەڤاڵ مام جەلالە بەڵام لەم کات و ساتە وروشاندنی ئەو شتانە مەبەستەکەی دیارە ئەویش دیاردەی ئاشوب و تەکەتولات لە گۆڕێ هەیە، بۆیە کورد وتەنی فیتەی حەرامزادەلە دورەوە دیارە شتەکان شاراوە نین.

لە تەوەری دووەمدا باسی بنەماڵەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەکەیت وابزانم ئەگەر کاک جەبار یارمەتی دابن بە قسەی ئەرسەلان بایز نەبووە، لە بەر ئەوەی جەبار فەرمان پۆلیس نەبووە لای کاک ئەرسەلان تاکو بینێرێت بۆ ئەولاو ئەولا خەڵکی پێ بە گرتن بدات، هەرکەسە خاوەنی بڕیاری تایبەت بە خۆی بووە، بە تایبەتی کاک جەبار ئەوەی من بیزانم لە کاتێک کە مناڵەکانی شەهید جەمیل ڕەنجبەر هەستیان کرد کە مامەکانیان دەیانەوێت غەدریان لێ بکەن لە هەموو شتێکی گەورەو بچوکیان موداخەلە بکەن بەتایبەتی کاتێ کە مەکتەبی سیاسی ویستی کچێکی شەهید جەمیل بنێرێت بۆ دەرەوە بۆ خوێندن دیار بوو خزم و کەسەکانیان ڕازی نەبوون بۆیە ئەوانیش هانایان بۆ مەکتەبی سیاسی هێناو ئیتر ئیشەکە ڕویدا، تۆش بوایتایە هەمان بڕیارت دەدا کە مناڵی هەڤاڵێکی شەهیدت بێت داوای یارمەتیت لێ بکات دەبێ وا بکەیت. ئایە ئەگەر باوکیان بمابوایە ئەوانە دەیانتوانی وایان لێ بکەن؟ نەخێر نەیاندەتوانی لەبەر ئەوەی گەر باوکیان لە ژیان بوایە ئیستا بە مسۆگەری ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبوو کەواتە کەس نەیدەتوانی دەست لە کارو باری خێزانی وەر بدات هە ڕچەندە ئەوانە براشی بوونایە مانای وایە جەنابت لەوەشیان هەر ناهەقیە بەرامبەر کاک جەبار فەرمان دەیکەیت کابرا ئێسا نەماوە خۆی وەڵامت بداتەوە.

لەتەوەری سێهەمی بابەتەکەت باسی ئەوە دەکەیت کە پاڵەوانەکەی کاک ئەرسلان لە کاتی کە لە زیندان دەرچووە حیسابی (عەشەرەی موبەشەرەی) بۆ کراوە، من دەڵێم ئەویش وانیە کاک جەبار لە کادیرێکی بچووکەوە هەنگاو لە دوای هەنگاو سەرکەوت پلە بە پلە تا گەیشتە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بە بۆچوونی من ئەگەر کەسێکی شایستە نەبووایە قەت نەدەگەیشت بەم پلەو پایە. وە شتێکی زۆر سروشتیە هەرکەسەو جورە ڕەفتارێکی تایبەت بۆ خۆی پەیرەو دەکات لەوانەیە کاک جەبار پیاوێکی تورەو توند بووبێت، لەوانەیە هەر ئەو تورەو توندیەش گەیاندیە پلەی بەرزی ناو یەکێتی دوای ئەو سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکانەی بە دەستی هێنا، کاک جەبار خەڵکی شاری سلەیمانی نەبوو وە پیاوێکی خاوەن عەشیرەت ودەسەڵاتیش نەبوو کاتێ کە هاتە ڕیزی پێشمەرگایەتی هەر خۆی تاقی تەنها بوو کەواتە کەسێکی بە تواناو زیرەک بوو لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. لە کۆتای قسەکانت دابڵسی خێزانی کاک جەبار دەکەیت کە دەڵێی وازیان لێ هێنابوو کە نەخۆش کەوت بەزەییان پێی هاتەوە من دەڵێم ئەوەش وانیە ماڵ و مناڵی کاک جەبار ماوەیەکی زۆرە لە ئەڵمانیا دەژین وکو مناڵی هەموو خەڵک کە لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبەن وە بەرژەوەندیان کەوتۆتە ئەو وڵاتانە بە تایبەتی مەسەلەی خوێندن شتێکی زۆر هەستیاربوو، دەست لێدانی بە زەرەری مناڵەکان تەواو دەبوو، کاتێک کە باوکیان هاتەوە ناویان مناڵەکان گەورە بووبوون و ئەوان بە ژیانی کوردستان قایل نەبون کاک جەباریش حەزی دەکرد بێنەوە بۆ لای خۆی ئەوانیش ڕازی نەدەبوون ناچارگوێڕایەڵیان بوو، گەڕایەوە شوێن کارەکانی خۆی و ماوە ماوەش وەکو لێپرسراوەکانی تر سەردانی دەکردن وە هیچ ڕۆژێک کەس هەستی نەکردووە کە ناخۆشی لە نێوانیان هەبوبێت.

وابزانم ئەوەی پێی کرابێت وەکو خەڵک بۆی کردوون نازانم جەنابت ئەو زانیاریەت لە کوێ هێناوە بە نیسبەت ژیانی خێزانی کاک جەبار، لە کۆتاییدا من ناڵێم کاک جەبار مەلائیکەت بووە ئەویش وەکو هەموو ئینسانێک هەڵەو کەمو کورتی هەبووە بەڵام لە هەمان کات ئەو جانەوەرەش نەبووە کە تۆ باسی دەکەیت، هیوادارم توانیبم کەمێک شتەکانت بۆ ڕوون بکەمەوە بەڵام بە حەقیقەت کاک جەبار پاڵەوان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و فیلەتەنی یەكێتی بوو لە سایەی چەند كەسێكی ئازای وەكو ئەو زاتە یەكێتی تەقلەی بە فیل لێدەدا جا قبوڵت بێت یان نا ئەوە واقعێكی زۆر زەق و دیارە، ئینجا خۆشت ئازادی لەوەی شتی تر بنوسیت یان نا، من هەر ئەوە مەبەستم بوو كە تیشكێك بخەمە سەر بابەتەكە پێویستە كە شتێك نوسرا بە پێی توانا خەڵك بیرو بۆ چونەكانی خۆی دیار بكات لە سەری. لە كۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم كە یەكێك مرد شەیتانیش دەستی لێ دەشوات و وازی لێ دەهێنێت.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.